# برای هێژام خاڵە حەمە

نووسینی
ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە
**Rahman_256@hotmail.com**

ئێمەمانان ئەگەر لە شەقلاوە و دهۆک و کەلار ، لە پەنا قەلاکەی هەولێر و بەردەرەش و زاخۆکانی سەرانسەری کوردستانی ئازیزماندا ، بە پێش چاوی خەڵکانەوە و بە رۆژی نیوەرۆ بەر چەقۆ نەدرێین و لە پەنا سەندووقەکانی هەڵبژاردندا هەڵنەکوتنە سەرمان و پەلامار نەدرێین ، بەوێنەی جەردە و رێبڕ و چەتەکانی سەردەمانی چەرخی بەردین ، لە پەنا تەپۆڵکە و بەردەلانی رێگاوبانەکاندا ، بە مەبەستی کوشتن و خوێنڕشتن ، خۆیانمان لێ حەشار نەدەن و سەنگەرەکانمان لێ نەگرن .

ئێمەمانان ئەگەر لەپێناو بلاوکردنەوەی وتارێک لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتەوە ، لەسەر جۆر و چۆنێتیی شێوازی نووسینەکانمان ، زێدی نیشتیمان و ولاتی باوباپیرانمان وەکوو تۆڕ و داو تەپکە ، بۆ ڕفاندن و سەرنگوونکردن لەلایەن بنەماڵە بوودەڵە خۆسەپێنەرەکانەوە ، بۆ ماوەی دوازدە رۆژی رەبەق بێسەروشوێن نەکرێین و پاشتریش لەپاش شوێنپێهەڵگرتن و ئاشکرابوونی تاوانی نارەوای دز و جەردەکان ، بە ناچاری لە دادگاییکردنێکی گاڵتەجارئامێزی سەرپێیی بەعسئاسادا ، بە تاوانبار مەحکووم نەکرێین و بە حوکمێکی قەرەقوشانە ، ( سی ساڵ ) زیندانی بە سەرماندا نەسەپێندرێ .

ئێمەمانان ئەگەر رەفتار و کردەوەکانمان پێشەنگی گوفتار و نووسین و وتارەکانمان نەبن ، لەگەڵ سەرەتاتکێکردنی هەر وەرزێکدا بەرگێکی نوێ نەپۆشین و لەبری جۆشوخرۆش و شنەبا عەترئامێزەکەی نێرگسەجاری بەهاران ، بە بەستەڵۆکی شەختەی چلەی زمستانان ، ڕێگاکانمان لێ ببەستن و تێرامان و بیر و بۆچوونەکانمان بتەزێنن ، لەولاشەوە لە تاوسانانیشدا گێرۆدەی گڕەی گەرمای گەرمەسێرەکانی چللەی هاوینمان بکەن . بڕوا بفەرموون ئەگەر هزر و بیروبۆچوونی نێو وتارەکانمان نەخەینە بواری کردەوەی پراکتیزەکردنەوە . وەک لاشە و کەلەشێکی تەریکی بێ سۆراغی ژێر هەرەسی بەفری کوێستانانمان لێ بەسەردا دێنن . ئەو کاتەش وەک رەنجی هەوڵ و کۆشش و خەباتەکەی دژ بە گەندەڵی ، پێشەنگە نەبەرد و بوێرەکەی پەرلەمانی سەرشەقامی شارە دێرینەکەی هەولێر و هەموو کوردستان ، کاکە ( هیوا )ی قارەمان ، لە زیندانەکانی بنەماڵەی بارزانیدا لەبیر دەکرێین و دەچینە خانەی فەرامۆشییەوە .

ئێمەمانانێک . . . ئەگەر لە پێناو سەقامگیرکردنی بنەماکانی دیموکراتییەت و یەکسانی و بەرابەری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و شارستانیی دوور لە خۆسەپاندی بنەماڵە و دەستێوەردانی حیزبایەتیدا ، ماسیحائاسا و بە وێنەی مەنسووری حەللاج ، چوارمێخە نەکێشرێین و لە خاچ نەدرێین ، یان وەکوو حەزرەتی حوسەین سەر نەبڕدرێین و کەللە سەرەکانمان بە شاراندا نەگێڕدرێن و لە گۆڕەپانەکاندا تۆپتۆپێنیان پێوە نەکرێن . بێگومان ڕەنجی ساڵەهای سالآنی شۆڕش و قوربانییەکانی کیمیاباران و ئەنفال و خاپوورکردن و ڕووخاندنی چوار هەزار و پێنجسەد گوندی هاولآتیی گوندنشینە چەوساوەکان و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان و کچان و خۆشکانمان ، بەری ڕەنجی خەباتی لاوان و قوتابییە گیانبازەکان و ئەشکەنجەدانی نێو زیندانەکانی کۆنە بەعسی عەرەبی و تازە بەعسی کوردی ، لە دەرچووانی قوتابخانە زەبرئامێزەکەی سەدامی تۆتیالیتاری خوێنڕێژ ، هەمووی بە فیڕۆ دەڕۆن سەروەت و سامانی وڵاتەکەشمان لە قۆنتەراتی ناشەرعی و ورگی چەند بنەماڵە و چەندین کاسەلێسێکدا دەتوێنەوە .

برای هاوخەمم ، زۆر هێژا خاڵە حەمە . . .

پرسەنامەکەی جەنابتان و سەرەخۆشیی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە هەر یەک بە شێوەیەک لە شێوەکان ، بە بۆنەی شەهیدبوونی دلێری کوڕی جوانەمەرگمانەوە ،



بەشدارییان لە هەڵگرتنی خەمی ئەو بارە قورسەی سەر شانماندا کرد ، گوڕ و تینێکی ئەوتۆی پێمان بەخشی ، کە تۆوی شنەبای فێنکی و سەبوورییەکی بێوێنەی لە دەشتاییەکانی دڵ و دەروونماندا چاند و ڕاستەوخۆ بوو بە مایەی دامرکاندنەوەی گڕپەی گڕ و بڵێسەی چاڵە نەوتەکانی باباگوڕگوڕئاسای نێو دڵ و دەروونی تازێباری شەکەت و ماندوومان .

لە کۆتاییدا سوپاسگوزاریی بەندە و تێکڕای بنەماڵەکەمان ، ئاراستە و دووبارە دەکەینەوە و لە دەرگای یەزدانی بێ هاوتا دەپاڕێینەوە کە هەر بە گەورەییەکەی خۆی لەگەڵماندا بیکات و سەبووریی هەموو لایەکیشمان بداتەوە . تەمەنی درێژ یار و یاوەری هەموو ئێوەی بەڕێز بێت . . . خۆتان خۆش .

سۆلەنتونا - ستۆکهۆڵم - **02** - **01** - **2006**